سەرۆک کۆمار پیرۆزبایی جێژنی (جەما) لە ئەزدییەکان دەکات

ئەمڕۆ دووشەممە،سەرۆک کۆمار، عەبدولەتیف جەمال ڕەشید، بەبۆنەی هاتنی جێژنی جەماعیە (جەما)، پیرۆزبایی لە ئەزدییەکان کرد.

عەبدولەتیف جەمال ڕەشید لە تویتەکدا، کەموتەڕع بەدواداچوونی بە کردووە، ڕایگەیاند: "گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی ئەندامانی گەلەکەمان لە ئەزدییەکان دەکەین بەبۆنەی هاتنی جێژنی جەماعیە (جەما)، بە ئاواتی ئەوەی جێژنەکی بەختەوەر و پڕ لە خێر و ئاشتی و ئارامییان هەبێت".

ئاماژەی بەوەشکرد: "لەم ڕۆژدا، واتا و مەبەستەکانی پێکەوەیی و پتەوکردنی ژیانی هاوبەشی ئاشتییانە لەنێوان پێکهاتەکانی گەلی عێراقدا دەنینەوە یاد"، جێختیشی کردەوە لەسەر "پشتیوانیکردنی ئەم پێکهاتە ڕەسەنە بە تێپەڕاندنی ئاڵنگاری و بارودۆخەکان و برینەکانی ڕابردوو، و هەوڵدان بە گەیاندنەوەی ئاوارەکان بە شارەکانیان، و ئاشکراکردنی چارەنووسی ڕفێنراوان".